# چۆن عەلی مەحمودم بینی

باوکی لاس

کە لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە باسی دادگای هۆلنداو سزادانی تاوانبار فرانس ڤان ئانراتم دەخوێندەوە هاوکات لەناودێرەکانی زۆربەی ئەو نوسینو بەدواداچوونانەشدا هەمیشە ناوی رێکخراوی چاكو هەردوو ئەندامی چالاکی ئەو رێکخراوە( ئەمیر قادروعەلی محمود)یش ئامادەبوون, من کەناوی ئەوانەم دەبیست وام دەزانی ئەوانیش خاوەنی نوسینگەودەزگای راگەیاندنوسەیارەوئەو جۆرە شتانەنوناپەرژێن لەگەڵ ئێمەو مانان دانیشنودووقسەی ئاسایی بکەن, وام دەزانی ئەوانیش چەندین رۆژنامەنووسو پەیامنێر لەگەڵیاندا هەڵدەسورێولەهاتنەوەیاندا لەگەڵ شاندێکی گەورەی حزبیوحکومی لە هۆتێلێکی گرانبەهادا گەمارۆیان دەدەنوناهێڵن دەمی خەڵکیان بگاتێ؟! کەچی کە عەلیی مەحمودم بینی , وەزعەکە تەواو بەپێچەوانەی بیرکردنەوەکانی من بوون, عەلی نەچاکەتوپانتۆڵی لەبەردابوو, نەبۆیمباخی بەستبوو, هەرپیادەبووبەڵکو سەیارەشی پێنەبوو, کەسێکی لە رادەبەردەر سادەبوو, وەك هەندێك لە رۆشنبیران! غرورو لوتبەرزنە بوو, نەخێر ئەو هێندە ماندووبوو دەتووت تازە لە (عەمەلە)❊ گەراوەتەوە, بەراستی من کەئەو کورەم بینی تەواو تووشی سەرسامی بووم ! ئاخر بۆ تووش نەبم؟ خەڵکی وامان هەیە کەلە ئەورووپا دەگەرێتەوە بێ ئەوەی هیچی لەبالآندا بێت, ئەوەندە لووتبەرزە وەك بڵێی دەستی بەئاسمانەوە گرتبێ بەسەرکورددانەروخێ, گۆرانی بێژی وامان هەیە خۆشی نازانێ چی دەبێژێ, کەچی بێزی نایات لەسەرجادە لەگەڵ هەموو کەس راوەستێ, شاعیری وامان هەیە وەرگێرێکیشی دەوێت تا لە شیعرەکانی تێ بگەین, کەچی خۆی بە شێرکۆ بێکەس ناگۆرێتەوە, سیاسی واشمان هەیە یەکەم رۆژی راپەرین خەریك بوو لە رەبایەی فەوجە خفیفەکەی خۆیدا بکوژرێت! کەچی ئەمرۆ لێمان بووەتە راوێژکاری حکومەتو عەولەمەمان بۆشیدەکاتەوەلەوەش خراپتر دەبێت تەمەنێك لە نوسینگەکەی دابنیشی تاشانسی بینینیت بۆ برەخسێ. بەپێچەوانەی ئەمانەشەوە کەسێکیش بەچاوی خۆت ببینی خاوەنی ئەو سەرکەوتنەگەورەیە بێت کە مایەی شانازیە بۆکوردو بۆ مرۆڤایەتی, کەچی بەو وەزعە شپرزەییەوە بیبینم وەڵلا هەرسەیرنیە بەڵکو عەجایەبیشە, ئاخر کەم نیە کەسێك خاوەنی ئەو شەرەفە بێت تاوانبارێك بەرێتە بەردەمی دادگاوبۆماوەی ساڵێك دادگای هۆڵندابخاتە سەرقالیەوەوبەهۆیەوە جینۆسایدی کورد بەرەسمی بناسرێوقازانجەکەشی بۆهەمووومان بێ؟! کەچی ئەو کابرایە لە سادەش سادەتر بوو, لەوەش سەیرتر نەخۆشبوو, نەخۆشیەك تارادەی خوێن دانان.. بەڵێ خوێنی دادەنا, کاتێك لێم پرسی باشە بۆچی ناچیت بۆ لای دکتۆر؟ ئەو لەوەلامدا ووتی کاتی لای دکتۆرم نیە, لەوەش سەیرتر ئەوە بوو بەلامەوە کەووتی: کاکە تۆ باسی چی دەکەیت( من لەهۆلندا جاری واهەبوو لەناو مەحکەمە هەموو پانتۆلەکەم بووە بەخوێن, بەڵام بریارم دابوو هەتا ملی ئانرات نەکەم بەپەتا دانانیشم) لەوەڵامی ئەوەشدا کەپێم ووت: دەی برا ئەوا مەقسودت حاصڵ بوو ملیت کرد بەپەتا, ئەی ئێستا بۆ نارۆی بۆلای دکتۆر ئەوبە پێکەنینەوە ئاوا هاتە وەڵام : هێشتا ( ئانراتی تر زۆرماوون ) ئینجا وتی: دەچم دەچم بابگەرێمەوە بۆ هەولێر. بەڵام داخ.. بیستومە نەمخوێندۆتەوەو ناشی خوێنمەوەوناشزانم کام رۆژنامەیە گوایە تۆمەتیان بۆدرووستکردووەو ویستوویانە لە کارەکانی کەم بکەنەوە, دڵنیام ئەو رۆژنامەیە غەدری کردووە, غەدری لەکەسیك کردووە کە هەموو کورد قەرزارێتی.